لە سلەمانی گەنجێک لەکاتی کارکردن گیانی لەدەستدا

لە سلەمانی گەنجێک لەکاتی کارکردن لە یەکێک لە کارگەکانی بەرهەمهێنانی جبس بەهۆی کەوتنە خوارەوەی ئامێری بەرزکەرەوەی کەلوپەل (رافیعە) بەسەریدا گیانی لەدەستدا.

میدیاکان بڵاویانکردەوە گەنجێک لەناو کارگەیەکی دروستکردنی جبس لە سلەمانی بەهۆی کەوتنە خوارەوەی ئامێری بەرزکەرەوەی کەلوپەل (رافیعە) بەسەریدا گیانی لەدەستدا.

ئاماژەیان بۆشکرد، گەنجەکە ناوی محەمەد ئیبراهیمە و تەمەنی ٢٦ ساڵە و دانیشتووی شاری سلەمانیە، لە یەکێک لە کارگەکانی بەرهەمهێنانی جبس لە دڕبەندی بازیان وەک شۆفێری رافیعە کاری کردووە.